# هەرماڵی(د.عەلی وەردی )مابوو وێرانی بكەن !

**بەشی چوارەم و كۆتایی**

**لە ژمارە (١)ی ئەم رۆژنامەیە و لە جێگەیەدا ئەمە نووسراوە:**

**كێشەی وەرگێران ، ئیتر لە هەر بابەتێكدا بێت ، لای هەموو كەس بەهای خۆی هەیە و بە كارێكی خزمەتگوزار چاوی لێ ئەكرێ ، ئەگەر لەو بارەیەوە گەلی كورد (بۆ نموونە) لەگەڵ گەلی (عەرەب) دا بەراوورد بكەین ، دەستی شەرم بە دەممانەوە ئەگرین ، چونكە ئەوان هەر لەرۆژگاری (عەباسی) یەكانەوە خەریكی خۆ دەوڵەمەند كردنن و هەم گەلانی دنیایان ناسیووە و هەم خۆیان بە گەلان ناساندووە . كەچی لای ئێمە جار بەجارێك كەسێك هاتووە بە پێی حەزی خۆی بەرهەمی خەڵكانێكی غەیری كوردی كردووە بە كوردی ، ئیتر چاك بوو بێت یا خراپ بوو بێت ، ئەو كەسە هەر ئەوەندە زەحمەتی خۆی كێشاوە ، ئەم كارە هەر لە سەردەمی (پیرەمێردی نەمر ) ەوە هەیە و هێور هێور بەرەو ئەمرۆ درێژەی كێشاوە ، لەم بوارەدا خەڵكانی وەك (عەزیز گەردی، شوكر مستەفا ، عەبدوڵای حسن زادە ، كەریمی حسامی ، فوئادی مەجید میسری ... هتد) زۆر تر دیارن و هەر یەكەیان لە چەند كارێكدا خۆیان دوو بارە كردۆتەوە ، لەدوای (راپەڕین ) ەوە خەڵكێكی زۆرتر خۆیان بەو كارەوە خەریك كردووە بەڵام كە كارەكانیان بە ئەسڵی بەرهەمەكان بەراوورد ئەكەیتەوە زۆر دڵ خۆش ناكەن و هەست ئەكەیت ئەو كارانە زۆرتر زیانەوەرن تا ئەوەی كەڵك بگەیەنن ، زۆر تر سەقەت كراون تا ئەوەی دەسپاكی تیادا بێت ، بۆ ڕوونكردنەوەی كەڵك یا زیانی هەر كارێك لەو بارەیەوە كە پێشتر كراوە یا لەمە و بەدوا ئەكرێت ئێمەش لای خۆمانەوە بڕیارماندا بەردەوام ئەم لاپەڕەیە كراوە بێت چ بۆ ئەوانەی بەشداریمان ئەكەن ، چ لە لایەن خۆشمانەوە كە بمانەوێ قسەی لەسەر بكەین ، لەبەرئەوە ئەم لاپەڕەیە بۆ ئەو كاری وەرگێڕانانە تەرخان ئەكەین تا ئێمەش وەك پێویست ئاوڕ لەو كێشە گرنگە بدەینەوەو هەوڵی بەرەو پێش چوونی بدەین .**

كاتێك باسی سەر كتێبەكەی (د.عەلی وەردی) بڵاوكرایەوە وەك پێشتریش ئاماژەمان پێكردووە تەنها مەبەستێك لەوەدا بوومانە ئەو ویستە رەخنەیی یە بووە كە بۆ هەر كارێكی ئەدەبی تر لەبەر چاوی ئەگرین بە تایبەتیش بەرهەمێكی وەرگێڕاو كە لەلایەن وەزارەتی (رۆشنبیریی) شەوە دەربچێت كە لقێكی تایبەتی بەناوی خانەی وەرگێرانەوە بۆ كردووە تەوەو دەیان بەناو خەبیری زمانی بۆ تەرخان كراوە ، شتێكی حەتمی یە كە پێویستە ئەو بەرهەمە وەرگێردراوە لە هەموو حاڵەتێكدا جیاوازی هەبێت لەو بەرهەمانەی لەدەزگا ئەهلی یەكانەوە دەرئەچێت واتە چۆن لە نرخ و فرۆشتن دا جیاوازی هەیە لە هی ئەوان پێویستە لە باری وەرگێڕان و ئاستی باشی یەوە هەمان جیاوازی هەبێ كەچی بە داخەوە لەو رووەوە هیچ جیاوازییەكی نەبوو ئەگەر خراپتر نەبووبێت ئەوا چاكتر نەبووە ئەمە سەرەرای ئەوەی هەر لە سەرەتاوە مقۆ مقۆ ی شكات و شتی تر كەوتە سەر مان و هەندێك خەڵك ئەزانی بە چاو بزكردنەوەی ئەوان خەومان لێ ئەزڕێت وجێ بە خۆمان ناگرین هەر لەبەر ئەوەی ئێمە هاوولاتین و ئەوانیش بە شێكن لە دەسەلات چۆن ئەكرێ بچووكترین رەخنەیان لێ بگرین و لەگوڵ كاڵتریان پێ بڵێین هەر لەو كەین و بەینەشدا بوو لەسەر ئەو كردەوەی ئێمە كردبوومان (فەرمانێكی وەزاری) لەسەر ئەو كێشە یە دەرچوو كە ئێمەش بووینە بەشێك لە باسی فەرمانەكەو نوسخەی تایبەت بە خۆمان بۆ هات و دواتریش نوسخەیەكی راپۆرتی خەبیری دیاری كراویشمان بۆ هات و بە گورجی ئاو كرابە ئاگرداو بەبێ خواستی ئێمە پرۆژەكە خرایەوە گەڕو بێ دەنگی یەكی گوماناوی لێ كراو هەر چەند ئێمە ناوەڕۆكی گەندەڵی راپۆرتەكەی خەبیری دیاریكراومان شیكردەوە و روونمان كردەوە كە نە خەبیری وادەبێ و نەخەنبیریش وادیاری ئەكرێ لەوەدا دەركەوت كە وەزارەت وەك دەسەلاتێكی سەر بە كاروباری ئێمە و رۆشنبیریی ئامادە نی یە جارێكی تر دەرگای گوێ گرتن بخاتە سەرپشت و ئامادەی كاركردن بێت لەگەڵ ئەو واقیعەدا كە هەیە و ئەویش بەشێكی دانە بڕاوی گرنگە لەو واقیعەو پێویستە هەنگاوی دیار خۆی هەبێ و (جێ دەستی) یش دیار بێت . هەر چۆن بوو ئێمە بە كاری سەر شانی خۆمان هەستاوین و تائەو رادەیەی پێویست بووە قسەی خۆمان تیادا كردووە . بە چاكی ئەزانین پاش ئەوەی ئاماژە بە ناوەڕۆكی فەرمانی وەزاریەكە ئەكەین و هەندێك راو بۆ چوونی خۆمان ئەڵێین ئیتر بۆ دواجار دەرگا لەسەر باسەكە دابخەین . ئەوە بوو پاش ماوەیەكی كەم كەباسی سەر كتێبەكەی (د.عەلی وەردی) بڵاوكرایەوە لە لایەن بەرێز وەزیری رۆشنبیریی یەوە (فەرمانێكی وەزاری) مان بۆ هات كە ئەمە دەقەكەی بوو : (ئاماژە بەو بابەتەی لە ژمارە (١٥) ی رۆژی ٢٠٠٥/٤/١٩ رۆژنامەی (هەڵوێست) بڵاوكراوەتەوە سەبارەت بە وەرگێڕانی كتێبی (لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث) كە بەرێز دلێر میرزا وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی كوردی ، بریار درا بەرێز حسن عبدالكریم . پێداچوونەوەیەكی زانستی بۆ وەرگێڕانەكە دەكات ، بە ڕاپۆرتێك ئاگادارمان بكەنەوە) .




خۆی بۆ خۆی دەرچوونی (فەرمانێكی وەزاریی) ئەوتۆ بۆ ئێمە شتێكی دڵخۆشانە بوو بەوەی ئەوە یەكەمین جارە وەزارتێك بیەوێ راستەوخۆ بێتە پێشەوە و بەشداری رووداوەكانی سەر ئەرزی واقیع بكات بەوەش دەرگای لێ پرسینەوە بكاتەوەو كەمێك ئەو هەوری جەنجاڵی یە لەسەر ئەدەبی كوردی بڕەوێنێتەوە كە خەڵكانی بازرگان و هەلپەرست و بێ ئایە ومایە پێكیان هێناوە بەوەش سڵەمینەوە بخاتە ناویانەوە و دەست بەسەر بەرەڵایی دابگرێ وئەو جۆرە خەڵكانە وا لێ بكات بە ترسەوە دەست بۆ شتەكان بەرن . بەڵام كە ناوی (حەسەن عەبدولكەریم) مان وەك خەبیرێكی دیاریكراو بینی هیچ ئومێدمان نەماو زانیمان فەرمانەكە وەك پێویست كاری خۆی ناكات كە راپۆرتەكەی ئەو (خەبیرە) بەرزكرایەوە هەر وا دەرچوو كە ئێمە پێشنینی مان ئەكرد هەر بە دوای ئەیشدا فەرمانی وەزاری دەركرایەوە بۆ بەردەوام بوونەوەی چاپكردنی بەشەكانی تری كتێبەكە .، بەراستی ئەو فەرمانە وەزاریی یە چ لای جەنابی (وەزیری رۆشنبیری) یەوە و چ لەلایەن خەبیری نابراویشەوە هەقی واقیعی خۆی پێ نەدراو غەدریش لەو كراو هەر ئەوەش خستینیە سەر ئەو بڕوایەی ئەو فەرمانە وەك هەرەشەیەك حساب بۆ بكەین كە بیەوێ دەست و پێ ی ئازادی ئێمە ببەستێت و ئاگادار كردنەوەیەكی بە ئەدەبانە بێت بۆ ئەوەی زۆر لەسەر مەسەلەكە نەڕۆین ئەگەر وانەبوو یا ئەگەر ئەوەی مەبەست نەبووە ئەو پرسە گورگانەیە لە پای چی وهیچ لێ سەوز نەبوو نیشی یانی چی ؟ وەڵامی پرسیارە كە لەو كردەوەیەدا دەرئەكەوێت كە وەزارەت پاش فەرمانی وەزاریی یەكەی خۆی ئەنجامی دا.


حكومەتی هەرێمی كوردستان
Kurdistan regional government
وەزارەتی رۆشنبیری
MINISTRY OF CULTURE
نووسینگەی تایبەت
ژمارە/ ١١٦
بەروار/ ٢١/ ٢٠٠٥/٤
كوردی/ / /٢٧٠٥

فەرمان

ئاماژە بەو بابەتەی لە ژمارە (١٥)ی رۆژی ٢٠٠٥/٤/١٩، رۆژنامەی (هەڵوێست) بڵاوكراوەتەوە سەبارەت بە وەرگێڕانی كتێبی "لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث"، كە بەڕێز دلێر میرزا وەرریگێڕاوە بۆسەر زمانی كوردی، بڕیاردرا بەڕێز حسن عبدالكريم، پێداچوونەوەیەكی زانستی بۆ وەرگێڕانەكە دەكات، بە ڕاپۆرتێك ئاگادارمان بكەنەوە..

فتاح زاخۆیی
وەزیری ڕۆشنبیری

وێنەی بۆ/
- دۆسیەی دەرچووەكان
- خانەی وەرگێڕان بۆ كاری پێویست.
- كاك حسن عبدالكريم بۆكاری پێویست.
- ڕۆژنامەی هەڵوێست بۆ ئاگاداریتان.

312235 سلێمانی – بینای مۆزەخانە  E-mail:frasoy@yahoo.com  E-mail:roshnbir_sul@yahoo.com  www.roshnbiri.org

ئێمە كاتێك دەرگای رەخنەمان لەسەر ئەو كتێبەی (د. عەلی وەردی) كردەوە ویستمان كارو كردەوەی وەزارەت لەگەڵ هی ئەو بازرگانانەی بە لێشاو بەرهەمەكانی (د. عەلی وەردی) تور ئەدەنە بازاڕی كتێبی كوردی یەوە جیا بكەینەوەو خۆی وەك ئەو كارە بازاڕیانە نیشان نەدات و بەهای شتەكان بپارێزێت . بەڵام كارنەكردن بە (فەرمانە وەزاریەكە) هیچی لە مەسەلەكە نەگۆڕی وكارەكەی وەك كارێكی بازاڕی و بازرگانی هێشتەوەو ئامادە نەبوو رەخنە قبوڵ بكات . بۆیە ئێمەش بە چاكمان نەزانی لەگەڵ لایەنێكدا سەری خۆمان بیەشێنین كە نەرەخنەی پێ قبوڵ ئەكرێ و نەئامادەشە لە كەلی شەیتان بێتە خوارەوە بەڵكو گوناهی ئەو هەموو هەڵە و ناڕاستی و ماڵ وێران كردنەی دەرهەق بە ماڵی (د. عەلی وەردی) ئەكرێ بەگەردنی خودی وەزارەت و ئێمە لێرەدا بڕیاری كشانەوە ئەدەین و دەست لە مەسەلەكە هەڵ ئەگرین چونكە بێ ئەقڵی یە ئەوان بەهیچ جۆر ئامادەنەبن گوێ لە پیشنیار وبۆ چوونەكانمان بگرن و دەرگامان بەروودا دابخەن وئێمەش قسەیان بۆ بكەین و سەری خۆمان بیەشێنین هەر لە بەر ئەوەی نەجمەی خراوەتە سەر شان . هەموو ئەزانین ئەم رۆژگارە بەوە بە ناوبانگە كە كەسی نەگونجاو لە شوێنی نە گونجاودایە و خەڵك بە گوێ ئەبینن و بەچاو ئەبیستن و لەسەر دوو دەست ئەڕۆن و بەدوو پێش چەپڵە لێ ئەدەن بەر لەو وازهێنانە هەندێك خاڵ روون ئەكەینەوە:

یەك / لەبەردەوام بوونی چاپكردنی بەرگی دووەمدا ئەبینین (دلێر میرزا) هاتووە ناوی خۆی لەسەر لابردووەو ناوی ژنەكەی لەسەر داناوەو بە بەرهەمی بڵاوكراوەتەوە هەر چەند شتێكی ئاسایی یە كە ئەو بەرهەمەكەی بە هەر ناوێكەوە بڵاو ئەكاتەوە هەقی خۆیەتی بەڵام ئەگەر ئەوەی بەو مەبەستە كردووە تابیەوێ لە دەستی رەخنە رزگاری بێت خەیاڵی خاوە چونكە ماڵی قەڵب سەر بە خاوەنیەتی هەركەس ئەو دوو بەرگە بخوێنێتەوە ئەزانێ كە وەرگێڕ یەك كەسە نەك دوو كەسی جیاواز . لێرە دا تەنها ئەوەندە ئەڵێین كە دلێر میرزا لەم ناو گۆڕینەدا هەر مەبەستێكی بوو بێت ئێمە تازە وازمان لە كێشەكە هێنا




ئۆباڵی هەموو هەڵە و چەوتی و ماڵ وێرانییەكی دەرهەق بەو كتێبە كراوە بۆ دلێر میرزا و خەبیرەكانی ئەوێ وخودی وەزارەت جێ ئەهێڵین و مێژوو چی ئەڵێ با بیڵێ !

دوو/ بەرگی پێنجەمی ئەو كتێبە كە لەلایەن برای نووسەر (حەسەن جاف) ەوە كراوە بە كوردی بە دوای یەكەمدا كەوتە بازاڕەو نووسەری ناوبراو ئەڵێ من بەو ناونیشانە كوردیە سەقەتە رازی نیم وەك خۆی لەو نووسینەدا باسی كردووە كە لەم ژمارەیەدا بۆمان بڵاوكردووە تەوە

سێ / رەنگە هەبێ بڵێ جا ئێوە هەقتان چی یە بەسەر ئەوانەوە ئێوە رەخنەی خۆتان بگرن و لەسەر كێشەكە بەردەوام بن . بەڵام ئەڵێین وانی یە ئەوان بەوەدا فەرمانی وەزاریەكەیان هەڵوەشاندەوەو بڕیاری بەردەوام بوونی چاپكردنی بەشەكانی تریان دا مانای وایە گوێ نادەنێ و خۆیان بە هەق ئەزانن ئێمەش بە هەقی خۆمانی ئەزانیین سەری خۆمان بە شتێكەوە نەیەشێنیین كە نەیەوێ گوێ بگرێ . ئەو خۆ بەشت زانینەش بۆ ئەوە ئەگەرێتەوە كە ئەوان وەك بەشێك لە دەسەلات خۆیان ئەبینن و بەچاوی دەسەلاتداریشەوە سەیری لای ئێمە ئەكەنەوە و فیزی دەسەلاتداریەتی بەسەر ئێمەدا لێ ئەدەن ، ئێمەش بڕیارماندا لای خۆمانەوە دەرگا بەسەر ئەو فیزو دەسەلاتەدا دابخەین و كۆتایی بە كێشەكە بهێنین و بڵێین وبرۆن خوای مێژوو بتان گرێت!.